**ژماره :105**

**بەروار:2022/10/9**

**ووتەی هەفتانە**

**کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەوڵ دەدات بۆ هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان هەڵدەستا بە ئامادەکردنی بنکەی پەیوەندیکردن ودانانی ژمارەی خۆڕایی (5667) بۆ ئەوەی ببێت بە ڕێگایەك بۆ پەیوەندی کردن لە گەڵ دەنگدەرانەوە وبەرپرسیارێتی وەرگرتنی پەیوەندیەکان ئەگرێتە ئەستۆی خۆی لە هەموو پاریزگاکانی عێراق ، بۆ وڵام دانەوەی هەموو  پرسیارەکان دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان وچارەسەرکردنی کێشە و ئەو بەربەستانەی کەوا رووبەروو  ناوەندەکانی تۆمارکردن دەبێتەوە ، هەروەها پێشکەشکردنی هەر زانیاریەك دەربارەی رێکارەکان ومیکانزمی تۆماری بایۆمەتری ، وێڕای پێدانی کارتی هەڵبژاردنەکان .**

**لە رووی کارگێڕی وهونەریەوە ، بەریەوەبەرەکانی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پاریزگاکان بەردەوامن لە سەردانی مەیدانی بۆ بەدواداچوونەوەی ناوەندەکانی تۆمارکردن هەروەها زانینی ئامادەکاری وپێداویستیەکانیان لە پێشوازیکردنی دەنگدەران ، هەروەها رێکەوتن لە گەڵ هێزە ئەمنیە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی دەنگدەران وناوەندەکانی تۆمارکردن و گرنگی ئاسانکردنەوەی پرۆسەی تۆمارکردن ودابەشکردنی کارتی دەنگدان ، هەروەها (317.883) دەنگدەر تۆمارکراوە ، و (503.353) کارتی دەنگدانی بایۆمەتری دابەشکراوە ، هەروەها کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان کاردەکات لەسەر بەرێکردنی تیمی گەڕۆك بۆ دەزگا حکومیەکان وشوێنی دانشتنی دەنگدەران بە شێوەیەك لە بەرژەوەندی زیادەکردنی رێژەی تۆماری بایۆمەتری ببێت ، بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵبەری ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن** https://ihec.iq/biometric-registration **بۆ بینینی رێژەگشتیەکانی پرۆسەکان بۆ هەردوو پرۆسەکە تۆمارکردن  ودابەشکردنی بایۆمەتری .**

**هەروەها لەباریەکی پەیوەندیدارەوە ، و بەئامانجی زیادەکردنی رێژەی تۆماری بایۆمەتری ، بەتایبەتی رێژەی لاوان لە لەدایکبووە نوێیەکان بۆ ساڵانی (2001،2002، 2003،2004) هەروەها هاوکات لە گەڵ نزیکبوونەوەی ساڵی خوێندنی نوێ ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان کاردەکات لە سەر رێکەوتن لە گەڵ وەزارەتی پەروەردە و بەرێوبەرایەتیەکانی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردەوە  ، بۆ ئاراستەکردنی بەریوەبەری قوتابخانەکانی ئامادەیی بۆ ئاسان کردنەوەی کاری تیمی گەڕۆك لە کارەکانیان لە تۆمارکردنی قوتابیەکانی پۆلە کۆتاییەکان .**

**هەروەها لە چوارچێوەی گرنگی دانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بە هاوکاری کردنی ئافرەتان لە بواری سیاسیەوە ، وهەروەها بەشداریکردنیان لە چالاکیەکانی کۆمیسیۆن ، وبڵاوکردنەوەی هۆشیاری وگرنگی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ، کۆمیسیۆن کاردەکات لە سەر پێگەیشتنی ئافرەتان لە کۆمیسۆن بە رێکەوتن لە گەڵ ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پاریزگاکان  بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەك لە وەرشەی تەدریبی و کۆبونەوە بۆ زیاردەکردنی رێژەی تۆماری بایۆمەتری ئافرەتان ، وێڕای وەرگرتنەوەی کارتەکانی دەنگدانیان وهاندانیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ، بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەز وفراوانکردنەوەی بازنەی بوونیان لە سەرکردایەتیەکانی ئافرەتان بەکارا لە ژیان وبواری سیاسیەوە ، وێڕای هەوڵدان بۆ هەبوونیان لە رابەرایەتی بەکارای ئافرەتان ، وێڕای هەوڵدان بە ئامادەبوونیان لە هەموو ئاستەکانی اداری پێشکەوتوو لە پەیکەری اداری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان .**

**هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە رێکەوتن لە گەڵ دەزگا حکومەیەکان وناحکومیەکان ورێکخراوەی بەکارا لە بارەی هەڵبژاردنەکانەوە ، بۆ کارکردن لە سەر زیادەکردنی هۆشیاری دەنگدەران لە رێژەی کارمەندەکان وچالاکوانی مەدنی دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ، کەچی کاردەکات لە گەڵ هەردوو فەرمانگا راگەیاندن و پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە و پرۆسەکان وتەکنەلۆژیای زانیاری وهۆبە تایبەتەکان لە ئۆفیسی پاریزگای هەڵبژاردنەکان کەوا بڵاوکراوەتەوە لە چوارچێوەی عێراق بۆ ئەنجامدانی نەدوەی رۆشنبیرکردنەوە دەربارەی پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری وگرنگی وەرگرتنی کارتی دەنگدان ، بە هاوکاری تیمی گەڕۆك لە ئەنجامدانی تۆماری بایۆمەتری ونوێکردنەوەی زانیاریەکانی بایۆمەتری وئەوانەی ویستیان هەیە بۆ بەشداری کردن .**

**ووتەبێژی راگەیاندن**